# ڕووت بوونەوەکەی (دوعا) بەر لەچونی بۆ بەهەشت



( ئێوە بەر لەوەی کە من بدۆزنەوە لەنەفسی خۆتان نەگەڕاون )
فریدریک نیتشە

ڕزگار ڕانگور



پەپولەکەم دوعا من لەتێ فکرینی ئەو هەموو پێ لەقەیە دەترسم، ئەو هەموو دەستە ئەو هەموو دەنگە ئاڵۆزانە ،لەم بێ ئاگایانە دەترسم ،لەم هەموو ڕوخسارە دڕندانە دەترسم دوعا کریفەکەم من لەدەنگی آللە اکبر دەترسم ئەڕێ بەڕاست ئەم عەشاماتە لەحوجرەی ئەخلاقەوە هاتبوونە بەر ماڵەکەتان ، ئەم خەڵکە بوغزاویە لەبڵند گۆی چ مزگەوتێکەوە بانگکران بۆ بەر ماڵتان ئەم خەڵکە ئاوسە لەڕق چۆن لەچرکە ساتێکدا کۆ بوونەوە ،تا گوناهێک بخەنە سەر گوناهەکانی تریان ،ئای مرۆڤی زاڵم بۆ نازانن خۆشەویستی دین ناناسێ ؟سنور ناناسێ ، تەمەن ناناسی زمان ناناسێ ، من دەزانم دوعا بۆ هەڵدەسایتەوە تارمای سەرچاوت لادەبرد کەزی ڕەشە قەترانێکەت پاڵپێوە دەنا تازهووری ئەوپیاوە نورانیەت چاو پێ بکەوێ کەچاوەکزەکانیان بەکل

ڕەش دەکەن ، بەڵک و بێن بەهاناتەوە، تاچاوت بەکچەکانی گەڕەک کەویٚ و لەتۆوە وانەی عەشق فێر بن ،تۆ چاوت بۆ دایکت دەگێڕا تابۆ دواجار بەمەرامی دڵ پیٚ ی بڵێیت بەخوێنی ڕژاوم دایە خەنە بەندانم بۆ بکە و لەحزوری مەلیکە تاوسدا دوعات بۆ بکات،بەرخۆلەکەم دوعا تۆ ڕابەری شۆڕشێک دەکەیت ،بەبیٚ ئەوەی هیچ دەرسێکی سیاسەتت خوێندبیٚ ،تۆ هەموو کارتە نهێنییەکانی سیاسەتت لەسەر مێز دانا ،تۆ هاودینەکانی خۆت لەمەترسی ئاگادار کردەوە تۆ ئازاری بەرد بارانەکانت ڕەد دەکردەوەو هیچ نرخێکت بۆ دانەدەنا ،تۆ ڕقت لەمەڵبەندی لەدایک بوونی خۆت نەبوو ، تۆ عەشق فێری کردی گاڵتەت بەمردن بێت ،یاخی بیت، دین وەک بەرگی بەرت بگۆڕی بۆگەیشتن بەدڵدارەکەت،تۆ بۆمێکی بیٚ دەنگ بویت و سەرزەمینت هەژاند ،گولاڵە سورەکەم تۆ پەرلەمانێکی خەواڵوت لەبەردەمی پرسیاردا ڕاگرتووە، پەرلەمانیٚ ئەگەر دینارێک لەموچەکەیان کەم بێت دەکۆبونەوەی لەسەر دەکەن ، تۆ 42شالیاری کارتونی و ملیۆنیٚ فەرماندەی بیٚ کارت لەبەردەم پرسیاردا ڕاگرتووە ، تۆ ئابڕووت بۆ پۆلیس نەهێشت چونکە پۆلیس سمبوڵی بەرگری یەلەخەڵک ، کەچی لەکەرنەڤاڵی خوێنەکەی تۆدا پۆلیسەکان تفەنگەکانیان بۆ کاتی تەنگانە هەڵگرت بوو،لەوەش تەنگانە تر هەیە دڵنیابە ،دوعا دەبوو تۆی گەنج لەوە بگەیت کەسەردەمی موراڵ بەسەر چووە ، لەگەڵ هاتنی دۆلاردا ئەخلاق تەلاق درا ، ژن کوشتن حەلاڵ کرا و پەیمان بەستن مردو لەمێژە لەگۆڕ نراوە،، تۆ یاریت بەئاگرێک کردوە دەبوو باجەکەی هەر مردن بێت، تۆی هەرزە یاریت بەپیرۆزیەکانی دین کربوو، من لەتۆ دەگەم ئازیز بەلام ئەو خەڵکە سیکۆپاتە چۆن حاڵی دەکەیت ؟ ئەو عەشاماتەی بەرد بارانیان دەکردی وتف و بلۆکیان تیٚ دەگرتی و جوێنیان پیٚ دەدای ،لەهەمان کاتدا لەشی نازداریان دادەپۆشیت، هێندە بەتەنگ شەرەفەوەن ئەو بیٚ شەرەفانە ، لەم سەر زەمینە ئاڵۆزەدا کەبانگ کرای بۆ سەربازی و کەخواستت لەماڵ جیا بیتەوە و کەویستت لەببیتتە ئەندام لەپارتێکداو کەویستت لەهەڵبژاردنا دەنگت هەبیٚ دەبیٚ تەمەنت 18 ساڵ بێت لیٚ خانمەکەم لەئێراکە فیدرالی و نمونەی دیمکراسەکەی تۆدا تەمەن کەس نای خوێنێتەوە ، لەشەڕەکانی ناو خۆدا منداڵەکانمان لەشەڕە پەڕۆ بیٚ بەش نەبوون لەکەرنەڤاڵیٚ شەهید بوونی تۆشدا دەیان منداڵ بەدەوری لاشەکەتا دەترەقینەوە ، نازانم بەردی منداڵەکانت بەر کەوت . بنوو کریفەکەم تاژیان لەسەر ئەم ئەستێرەیە هەبیٚ تۆ بیر ناکرێیت، دڵنیابە سبەی سەربوردەکەت دەبێتە باشترین چیرۆک و داستان تۆ دەزانی ڕۆژێک دادێت، خەڵک بەتامەزرۆوە دێنە مەڵبەندی لەدایک بوونت بۆ ئەوەی تاجە گوڵینە لەسەر پەیکەرەکەت دانێن ، تۆ مردنیٚ مردی هەموو نوێنەرانی فێمێنیزم لیک بەدەمیانا دێتە خواریٚ و ئیرەیت پیٚ دەبەن ، عاشقەکان شوێن پێت هەڵدەگرن ،بنوو کریفەکەم بنوو بنوو دوعای سەرتاپا سور، دەشیٚ لەدوای کۆچی تۆ ببیتە پردی پەڕانەوەی ئەتک کردنی ئافرەتانی وولاتەکەم،بنوو کریفەکەم بنوو من لەونێرینە دڕندانە نیم تۆی نازدار بەردە باران کەم،،،،

سوئید